Royal College of Anaesthetists

# لەبارەی سڕکردنەوە

ئەم نامیلکەیە باسی سڕکردن دەکات، چۆنە و چۆن کار ئەکات و لەوانەیە چ کاتێک پێویستت بێ هەروەها باسی سوود و مەترسیەکانی بەکارهێنانی سڕکردن دەکات لەگەڵ ئەوەی ئەگەری هەیە هەست بە چی بکەیت.

هەروەها ئەوەی گرنگە باسی ئەوەش دەکات پێویستە پلانی چی دابنێیت بۆ ئاگاداربوونی خۆت پاش سڕکردنەکەت.

ئەمە لەلایەن نەخۆش و نوێنەری نەخۆش و پزیشکی سڕکردنەوە پێکەوە نووسراوە

سڕکردن بە گشتی لەڕێی دەمارەوە دەکرێت (IV) بەڵام هەندێك جاریش لەڕێی دەمەوە دەدرێت یان لەڕێی ماسکی هەڵمژینەوە.

## سڕکردن لەڕێی دەمارەوە چیە؟

سڕکردنی دەماریی ئەوەیە کە (دەرمانی سڕکردن) بە دەرزی دەکرێتە ناو خوێنەوە (خوێنبەر) بە کانیۆلا بۆ ئەوەی هێور ببیتەوە.

'کارمەندی سڕکردن' ناوی ئەو پسپۆرە تەندروستیەیە کە ئەم کارە دەکات.

ئەم کەسانە ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ پێدانی بڕی دروستی سڕکردن و ئاگاداربوون لە هەر کاریگەریەکی لاوەکی. لە ژووری نەشتەرگەریدا، بە گشتی کارمەندی سڕکردن پزیشکی سڕکردنە. لە شوێنی تردا، ئەم کارە لەلایەن پەرستار یان نەشتەرکار یان کەسانی تری ڕاهێنانپێکراو دەکرێت. کارمەندی سڕکردنەکەت لەگەڵت دەمێنێتەوە لە تەواوی کاری نەشتەرگەریەکەتدا

سێ ئاستی جیاوازی سڕکردنی دەماریی هەن پێیان دەوترێت سڕکردنی 'کەم' و 'مامناوەند' (هەندێك جار پێشی دەوترێت سڕکردنی بەئاگا) و 'قوڵ'.

- سڕکردنی کەم – کارمەندی سڕکردن بڕێکی کەم دەرمانی سڕکردنت پێدەدات. هەست بە هێوری و کەمخەمی دەکەیت دەربارەی ئەوەی ڕوودەدات، بەڵام بەئاگایت و دەتوانیت بە ئاسایی قسە بکەیت. ئەگەری هەیە چارەسەرکردنەکەت لە یاد بێت بەڵام بێ هەموو وردەکاریەکان. سڕکردنی کەم نابێت کاریگەری هەبێت لەسەر هەناسەدانت.

- سڕکردنی مامناوەند (سڕکردنی بەئاگا)-کارمەندی سڕکردن کەمێک زیاتر لە دەرمانی سڕکردن(سڕکردنەکان)ت پێدەدات بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە هێوری و خەواڵوێتی بکەیت. ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە هێشتا کارمەندی سڕکردنەکە دەتوانێت قسەت لەگەڵ بکات و دەتوانیت پەیڕەوی ڕێنماییە ساکارەکان بکەیت. ئەگەری هەیە هەندێك بەشی چارەسەرکردنەکەت بیر بێت. سڕکردنی مامناوەند نابێت کاریگەری هەبێت لەسەر هەناسەدانت.
- سڕکردنی قوڵ-کارمەندی سڕکردن بڕێکی زیاترت پێدەدات لە یەکێك یان زیاتر لە دەرمانەکان بۆ ئەوەی خەوت لێبکەوێت لە زۆرینەی ماوەی چارەسەرەکەتدا. پزیشکەکەت چاوەڕێی ئەوە ناکات بە ئاگا بیت تا قسەت لەگەڵ بکات. ئەگەری هەیە هەناسەدانت کاریگەری بکرێتە سەر و کارمەندی سڕکردنەکە ئاگادارت دەبێت و یارمەتیت دەدات ئەگەر پێویست بوو. هەندێك جار ئەگەری ئەوە دەبێت بەشێکی چارەسەرکردنەکەت لەبیر بێت. لە شانشینی یەکگرتوودا، سڕکردنی قوڵ دەبێت لەلایەن ئەو کارمەندەوە بکرێت کە شارەزایی و ڕاهێنانی پزیشکی سڕکردنی هەبێت.

## سڕکردن لەڕێی دەمەوە چیە؟

هەندێك جار ئەمە بەسوودە بۆ هێورکردنەوەی کەسانی شڵەژاو پێش سڕکردنی گشتی، بەڵام بڕەکەی هێندە نیە بەتەنها بێهۆشت بکات بۆ نەشتەرگەری. کەمێك کاتی پێدەچێت تا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت و پێدانی بڕی دروست سەختە چونکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

تکایە داوا لە پزیشکەکەت مەکە سڕکردن لەڕێی دەمەوەت بۆ بنوسێت تا بیخۆیت پێش ئەوەی بێیتە نەخۆشخانە مەگەر فۆرمی ڕەزامەندبونەکەت واژۆ کردبێت، چونکە ئەم سڕکردنە ئەگەری هەیە کاریگەری بکاتە سەر بیرکردنەوە و بڕیاردانت.

گرنگە بتوانیت بە ڕوونی بیر بکەیتەوە کاتێك پزیشکەکەت دەبینیت بۆ قسەکردن لەسەر مەترسیەکان و پاشان واژۆکردنی فۆرمی ڕەزامەندبوونی نەشتەرگەری کردن.

## جیاوازی نێوان سڕکردن و سڕکردنی گشتی چیە؟

جیاوازی سەرەکی نێوان سڕکردن و سڕکردنی گشتی ئەمانەیە:

- ئاستی ئاگالێبوونت
- پێویستبوون بە ئامێر بۆ یارمەتیدان لە هەناسەدانتدا
- کاریگەریە ئەگەریە لاوەکیەکان

سڕکردنی کەم یان مامناوەند ئەگەری هەیە خەواڵو و ئاسودە و هێورت بکەن، بەڵام هێشتا ئاگات لەخۆتە لە تەواوی نەشتەرگەریەکەدا

سڕکردنی گشتی بە تەواوەتی بێهۆشت دەکات و ئاگاداری نەشتەرگەریەکە نابیت

سڕکردنی قوڵ لەنێوان ئەم دوو جۆرە سڕکردنەدایە.

## چی جۆرە چارەسەرکردنێک دەکرێت لەکاتی سڕکردن لەڕێی دەمارەوە؟

زۆربەی نەشتەرگەریە بچوکەکان دەکرێت بکرێن بە سڕکردن لەڕێی دەمارەوە. چەند نمونەیەك وەکو:

- وەرگرتنی نمونە لە پێست یان مەمک
- چاککردنەوەی بچوك بۆ شکانی ئێسک
- نەشتەرگەری بچوك بۆ پێست، دەست یان قاچ
- ئەو نەشتەرگەریانەی دەکرێن بۆ یارمەتیدان لە شیکارکردنی کێشەی گەدە (نازور)، سی (نازوری سیپەکان)، قۆلۆن (نازوری قۆلۆن) یان میزەڵدان (نازۆری میزەڵدان).
- ددان دەرهێنان یان چارەسەری تری ددان.
- نەشتەرگەری چاو، وەکو لابردنی ئاوی سپیی چاو.

## سوودەکانی سڕکردن لەڕێی دەمارەوە چین؟

- کاریگەریەکەی خێرایە و بڕی سڕکردنەکە دەکرێت بگونجێنرێت بۆ ئەوەی بڕی دروستت پێ بدرێت.
- ئەمە یارمەتیت دەدات تا زیاتر هێور بیت لەکاتی نەشتەرگەریەکەدا هەروەها بڕێکی کەمی وردەکاریەکانی نەشتەرگەریەکەت لە یاد دەبێت دواتر.
- بۆ هەندێك نەشتەرگەری ئەم سڕکردنە وادەکات پێویست نەبێت بە سڕکردنی گشتی کە ئەگەری هەیە گونجاو نەبێت بۆ هەندێك نەخۆش بەهۆی هەندێك دۆخی پزیشکییەوە.
- بە گشتیی کاریگەریە لاوەکیەکانی کەمترن وەك لە سڕکردنی گشتی.
- چاکبونەوە خێراترە وەك لە سڕکردنی گشتی، بۆ ئەوەی بتوانیت پاش یەك کاتژمێر لە نەشتەرگەریەکەت بڕۆیتەوە ماڵەوە ئەگەر هەستت بە باشتر بوون کرد.

## مەترسیەکانی سڕکردن لە ڕێی دەمارەوە چین؟

- ڕێژەی هەناسەدانت ڕەنگە سست ببێت. ئەم کارەش باوە لەکاتی بەکارهێنانی بەنجی گشتی، بەڵام مەترسی دەخاتە سەرنەخۆش هەرکاتێک بەنج بەکارهات. پسپۆری سڕکردن چاودێریت دەکات وئەگەر پێویستە، یارمەتی هەناسەدانت دەکات.
- ولەکاتی بەنج وەرگرتن، ئەگەربوونی دابەزینی پەستانی خوێن هەیە، بەڵام ئاساییە. پسپۆری سڕکردن شارەزایی لەم بوارەش هەیە.
- هەستکردن بە دڵ تێکەڵچوون و ڕشانەوە ڕەگە ڕووبدات، بەڵام نەباوە.
- هەستیاربوون دژی بەنج ڕەنگە ڕووبدات بەڵام ڕوودانی زۆر کەمە.
- لەوانەیە شوێنی لێدانی کانوولەکە کەمێک سۆر و مۆر ببێتەوە.
- بۆ کورتە ماوەیێک پشت نشتەگەریکەش توانای ڕاوستانت کەمدەبێ، بەتایبەتی ئەگەر بە تەمەنی.
- سڕکردن کاردەکاتە سەر پرۆسەی بڕیاردان ویادکردنەوەت بۆ ماوەی ٢٤ کاتژێر.

## جێگرەوەکانی سڕکردن چییە؟

- بەنجی گشتی: بە تەواوی بێهۆش دەبیت و هیچت لەیاد نامینێت.
- سڕکردنی شوێنێ بەبێ بەنج: بەهۆش دەبیت بەڵام هەست بە ئازار ناکەیت. ڕێگریت لێ دەکدرێت لە بینینی نشتەگەریەکە.

## کێ بڕیاری سڕکردنت دەدات؟

لەگەڵ پزیشکەکەت دەتوانی تاوتوێی جۆری سڕکردنت بکەیت. ئەگەر ئەم دەرفەتت پێنەدرا، دەتوانی لەسەر بابەتەکە داوای زانیاری بکەی.

ئەگەر نەخۆشی دیکەت هەیە، ئەوا پزیشکەکەت لەگەڵتدا باسی لێ دەکات وپێکەوە بڕیار لەسەر جۆری چارەسەریەکە دەدەن.

## نشتەگەری لەژێر بەنجی شوێنێ، پێش ئەوەی بێی بۆ نەخۆشخانە، پێویستە چی بکەیت؟

- ئەگەر منداڵت هەیە یان کەسانیک هەن کە دەبێت ئاگادارییان بکەیت، پێویستە ڕاسپاردەی کەسانێکی تریان بکەی تا ڕۆژی دوایی نشتەگەری.
- دەبێت کەسێک دابین بکەی بۆ ئەوی ڕوانەوی ماڵەوت بکات، یان بە تاکسی یان بە ئۆتۆمۆبیل، چونکە بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی گونجاو نابێت. لەبەر ئەوی کاریگەری بەنجەکە بو ٢٤ کاژێر دەمێنێت، دەبێت کەسێک چاودێریت بکات لە ماڵەوە.
- هەموو دەرمانەکانت لەگەڵ خۆت بۆ نەخۆشخانە بهێنە.
- ئەگەر نەخۆشییێکی دیکەت هەیە یاخود دووگیانی، ئەوا پێویستە پەیوەندی بە نەخۆشخانەکە بکەیت، چونکە لەوانەیە وەرگرتنی بەنج مەترسی هەبێت. لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیانە چارەسەریکەت دوابخرێت.
- پێویستە پزیشکەکەت ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر شیرپێدەری.
- پێویستە هەموو مکیاج و خشڵ و ڕەنگی نینۆک لاببەی پێش هاتن بۆ نەخۆشخانە. دەکرێ ئەڵقەی ماڵبرینت لەپەنجەت بێت.
- هەندێک جل وبەرگ لەگەڵ خۆت بهێنە بۆ ئەوی بە گەرمی داتپۆشێت. پێڵاوی تەختت لەپێ بکە.

## ئایە دتوانم بخۆم و بخۆمەوە پێش چارەسەرییەکەم؟

نەخۆشخانە زانیارییت پێ دەدات دەربارەی کاتی خواردن و خواردنەوەت پێش نشتەگەریکە.

بەلای کەمی شەش کاتژێر پێش چارەسەریەکەت نابێت هیچ بخۆیت، بەڵام دەتوانیت ئاو بخۆیتەوە تا دوو کاتژێر پێش چارەسەرییەکەت. هەروەها شتی شل وەک شەربەت، چای ڕەش، یان قاوەی بێ شیر، گونجاوە بۆ خواردنەوە.

ئەگەر نەخۆشی شەکرەت هەیە ئەوا دەبێت زانیاری وەرگری دەربارەی کاتی ڕاگرتنی دەرمانەکانت، وکاتی ڕاگرتنی خواردن.

## چ ڕوودەدات پێش چارەسەرییەکەم؟

دەبێت جلت بگۆری بۆ بەرگی نەخۆش لە نەخۆشخانە. لە کاتی چونە ژوورەوە بۆ ژووری چارەسەری، پسپۆری سڕکردن هەندێک ئامێری چاودێریت بۆ دادەنێ. جۆری ئەم ئامێرانەش پابەندە بە جۆری چارەسەریکە و سڕکردنەکە، کە بریتییە لە:

- دانانی سەردەستەیەک لە قۆڵت بۆ ئەوەی پەستانی خوێنت بپێوێت.
- دانانی چەند ئامرازێک لەسەر سنگ بۆ تۆمارکردنی لێدانی دڵ.
- دانانی ئامێرێک لەسەر پەنجەت بۆ پێوانی ئاستی ئۆکسجین
- ئامێرێک دادەنرێت بۆ پێوانی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە کاتی هەناسەدان. ئەم ئامێرەش بەستراوە بە ماسکی ئۆکسجین.

## شێوازی سڕکردنەکە چۆنە؟

- بەنج لە ڕێگای کانولایەک لە دەماری قۆڵ یان دەست دەدرێت. ئەگەر پێویستە، دەکرێت بەنجی زیاتر بدرێت لە کاتی چارەسەریکە. لە کاتی بەکارهێنانی بەنجی گشتی، بەنجەکە بە بەردەوامی لە ڕێگەی کانولەوە لە دەمار دەدرێت.
- ئۆکسجین لە ڕێگای لولەیکی پلاستیکی کە لە ناو لووت دانراوە، یاخود لە ڕێگای ماسک پێت دەدرێت.

## ئایە سڕکردن چۆنە؟

ئەمە پابەندە بە بڕی بەنجەکە وئەوکەسانەی کە بەنجەکە وەردگرن. لە کاتی بەنجی گشتی، خەوت لێدەکەوێت بەڵام لە کاتی سڕکردنی سووک هەست بە ئارامی دەکەیت.

کاتێک پرسییار دەربارەی سڕکردنمان لە نەخۆشەکان کرد، وەڵامەکانیان ئەمانە بوو:

هەستم بە خاوبوونەوە کرد وەکو خەون وابوو.

وام زانی بە ئاگا بووم بەڵام خەیاڵاوی بووم، لە پڕیک کاتژێریک تێپەربوو.

هەستم بە ئارامی و دڵخۆشی دەکرد

ئەوە سەیربوو، هەستم بە دابڕانێکی گەورە دەکرد لەو شتانەی دەورووبەرم کە ڕوویدەدا.

## کەی دەتوانم بچمەوەماڵەوە؟

- ئەگەر سڕکردنێکی کەم یان مامناوەندت وەرگرتبێت، دەتوانیت دوای یەك کاتژمێر لە نەشتەرگەریەکە بڕۆیتەوە ماڵەوە.
- ئەگەر سڕکردنی قوڵت وەرگرتبێت ئەوا یەک بۆ دوو کاتژمێری دەوێت تا بە هۆش دێیتەوە. ڕۆشتنەوەت بۆ ماڵەوە بەندە لەسەر بەئاگاهاتنەوەت لە پاش نەشتەرگەریەکە خۆی.

## ئایا هیچ ڕێنمایەکی گرینگ هەیە بۆ دوایی؟

- وەکو لە پێشەوە باسکرا، پێویستە کەسێکی پێگەشتووی ئاگادار بتباتەوە بۆ ماڵەوە بە سەیارە یاخود تەکسی وا باشترە گواستنەوەی گشتی نەبێت، وە شەویش لەگەڵت بمێنێتەوە. ئەگەر لە دوای چارەسەر کەس نەبوو لەگەڵت بێت، ئەو کات لە دوای پرۆسەکە ڕەنگە نەتوانیت بڕۆیتەوە ماڵەوە.
- سڕکردن ڕەنگە وات لێبکات نەتوانیت لەسەر پێیەکانی خۆت بوەستیت. تکایە لەسەر پلیکانەکان وریابە و با کەسێکت لەلابێت کە هەستت بە ناجێگیری کرد.
- بڕیارەدانت ڕەنگە بۆ ٢٤ کاتژمێر کاریگەری لەسەر بێت لە دوای چارەسەرەکە، بۆیە پێویستە هیچ بڕیارێکی گرینگ نەدەیت لەو کاتەدا. وریابە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.
- نابێت بگەڕێیتەوە سەر کار، ئاگاداری ئەو کەسانە بێت کە پشتیان پێ بەستوویت، سەیارە لێبخوڕیت، چێشت لێبنیت یان هەر ئامێریکیتر ئیش پێبکەیت بۆ ٢٤ کاتژمێر. ئەگەری هەیە دەرچوونی دەرمانەکە لە جەستەت ٢٤ کاتژمێری بووێت.
- نابێت بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر هیچ خواردنەوەیەک کحولی بخۆیتەوە یاخود کەپسولی حەپ بەکاربهێنیت لە دوای نەشتەرگەریەکە.

- دکتۆرەکەت ڕێنمای زیاترت بۆ دەنوسێت بۆ چارەسەری زیاتر بۆ ئەوەی لە ماڵەوە پەیڕەویان بکەیت.
- نەخۆشخانەکە ژمارەیەکت پێدەدات بۆ ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەیت کاتێک هەست بە باشی نەکەیت لە ماڵەوە.
- ئەگەر لە دوای پرۆسەکە هەستت بە نیگەرانی کرد، باش نەبوویت، یان نەتوانیت ژمارەکە بدۆزیتەوە، دەتوانی تەلەفون بۆ دکتۆری گشتیەکەت بکەیت یان زەنگ لێ بدەیت بۆ ١١١ ، یاخود بڕۆ بۆ بەشی ناوخۆیی ڕووداو و باری لەناکاو لەگەڵ پێگەیشتویەک ئەگەر پێویست بوو.

## ئەو پرسیارانەی پێدەچێت حەز بکەیت بیانپرسیت لە پزیشکی سڕکردنەکەت.

1 کێ دەرمانی سڕکردنەکەم پێدەدات؟

2 ئایا تۆ پێشنیاری سڕکردنم بۆ دەکەیت یاخود سڕکردنی گشتی؟

3 ئایا هیچ مەترسیەکی تایبەتی هەیە؟

4 کەی پێویستە واز لە خواردن و خواردنەوە بێنم پێش سڕکردنەکەم؟

5 چ کاتێک پێویستە ئامادەبم؟

## کاریگەریە لاوەکیەکان، ئاڵۆزیەکان و مەترسیەکان

لە سڕکردنی پێشکەوتووی ئەمڕۆکەدا، کێشە گەورەکان شتانێکی ناباون. مەترسیەکان بەتەواوەتی ناتوانرێت لاببرێت، بەڵام لەم ساڵانەدا دەرمانە نوێیەکان، ئامێرەکان و ڕاهێنانەکان وایکردوە سڕکردن پرۆسەیەکی سەلامەتربێت.

پزیشکانی سڕکردن بەتەواتی ئاگادار دەبن بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی لەم بەشەدا باسکراون. پزیشکی سڕکردنەکەت دەتوانێت زانیاری زیاترت بداتێ دەربارەی هەر مەترسیەک و ئاگاداریش بدات بۆ خۆ بەدوورکردن لێیان.

خەڵکی جیاوازن کە چۆن وشەکان و ژمارەکان لێکدەدەنەوە. ئەم پێوەرە بۆ یارمەتی بەرهەم هێنراوە.




| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ لە ١٠ کەسدا یەک کەس لە خێزانەکەت | ١ لە ١٠٠ کەسدا یەک کەس لە شەقامێکدا | ١ لە ١٠٠٠کەسدا یەک کەس لە گوندێکدا | ١ لە ١٠،٠٠٠ کەسدا یەک کەس لە شارۆچکەیەکی بچوکدا | ١ لە ١٠٠،٠٠٠ کەسدا یەک کەس لە شارۆچکەیەکی گەورەدا. |

هەروەها دەتوانی زانیاری زیاتر لە پەیجی نەخۆشەکانەکان بدۆزیتەوە لە ماڵپەڕی کۆلیج:

www.rcoa.ac.uk/patientinfo

## سەرچاوەی زیاتر

- )گرینگیدان بە کەسێک کە سڕکردنی گشتیکراوە یان هێمنکەرەوەی وەرگرتوە www.rcoa.ac.uk/patientinfo/sedation)
- ستانداری هێمنکەرەوەی هەستیار بۆ پێدانی بە چاودێری ددان کۆلێج ڕۆیاڵی برینکار لە ئینگلاند و کۆلێجی ڕۆیاڵی پزیشکانی بەنج. (http://bit.ly/2T2mZh6) RCoA 2015
- ڕێنمای لەسەر خزمەتگوزاریەکانی پێدانی دەرمانی هێمنکەرەوە. (www.rcoa.ac.uk/gpas) RCoA 2016
- کرداری هێمنکەرەوەی سەلامەت بۆ پرۆسەی چاودێری تەندروستی: ستاندار و ڕێنمویینیکەر. پەیمانگای کۆلێجی ڕۆیاڵی تەندروستی. (http://bit.ly/301ndq8) AoMRC 2013

دەتوانیت زنیاری زیاتر بەدەست بێنیت دەربارەی ئەم نامیلکەیە لە ماڵپەڕی کۆلێجەکە : www.labourpains.com
هەروەها نامیلکەکە لە بەشی بەنجی یاخود پێش تایکردنەوەی کلینکی لە نەخۆشخانەکەت بەردەست دەبێت.

## ئەو مەترسیانەی پەیوەندیدارن بە سڕکردنەکەتەوە

نامیلکەکە دەربارەی مەترسیە سەرەکیەکانە کە لەگەڵ بوونی بەنجەکە لە پرۆسەکەدا لە ماڵپەڕی کۆلیج بەردەستە www.rcoa.ac.uk/patientinfo/risks/risk-leaflets. ئەوانە نامیلکەی زانیاری نەخۆش کە لە سەرەوە باسکراوە زیاتر دەوڵەمەند دەکەن بە زانیاری

### دەتوانم لە کوێ زانیاری زیاترم هەبێت لەسەر بەنجی بڕبڕەی پشت؟

دەتوانی قسە لەگەڵ پزیشکی بەنجەکەت بکەیت یان پەیواندی بکەیت بە کلینیکی تاقیکردنەوەی پێش وەختە یاخود بەشی بەنج لە ناوخۆی نەخۆشخانەکەت.

هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە زانیارییەکانی ناو ئەم بروشورە بێ هەڵە و نوێ بن، بەڵام ناتوانین دڵنیایی لەم بارەیەوە بدەین. ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن. باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەکار بێنن. ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت. نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت. بۆ ئاشکراکردنی تەواوتی، تکایە کرتەیەك لێرە (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێرانەکان لەلایەن گرووپی «وەرگێرانی بێسنوور» ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە ڕووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێردرێنەوە.

# پێمان بڵێ چۆنە بەلاتەوە

ئێمە پێشنیارەکان قبوڵدەکەین بۆ بەرو پێشچوونی ئەم نامیلکەیە.

ئەگەر هەر لیدوانێکت هەیە کە دەتەوێت بیڵێت، تکایە لێرە ئیمەیڵ بکە: patientinformation@rcoa.ac.uk

کۆلیژی ڕۆیاڵی بێهۆشکاری
خانووی چورچیڵ، ٣٥ ڕیدلێۆن سکوێر، لەندەن WC1R 4SG
020 7092 1500

## www.rcoa.ac.uk

چاپی یەکەم ٢٠١٨

ئەم نامیلکەیە لە ماوەی سێ ساڵ لە بەرواری بڵاوکردنەوەیەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

© 2018 کۆلیژی ڕۆیاڵی بێهۆشکاری

ئەم نامیلکەیە دەکرێت کۆپی بکرێت بۆ مەبەستی بەرهەم هێنانی زانیاری بۆ نەخۆش تکایە ئاماژە بدە بەم سەرچاوە ئەسڵیە ئەگەر دەتەوێت بەشێکی ئەم نامیلکەیە بەکاربهێنیت لە شوێنێکیتر، پێزانینی شایشتە پێویستە بدرێت و لۆگۆکە، براندەکە و وێنەکە لاببرێت تکایە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیمان پێوە بکە: